**ئەژین محەممەد**

**یاریزانی باڵەی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی:**

# قەیرانی دارایی و کەمتەرخەمی بەرپرسانی وەرزشی یاریی باڵەی لاواز کردووە



تیپی باڵەی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی یەکێکە لەو تیپانەی کە لە شاری سلێمانی گرنگیی زۆر بە یارییەکانی کچان دەدات، یانەکەش بە ئامانجی پێشخستنی ئاستی یاریی باڵە تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی بەتوانای لە یانەکە کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەم کچە یاریزانانە کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە بکات لە خولی باڵەی نایابی کوردستان و عێراق. ئەژین محەمەد یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە و لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٦ی شاری سلێمانییە و قوتابیی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە لە زانکۆی سلێمانی و بەرپرسی لقی دەوروبەری یەکێتی قوتابیانی کوردستانە، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.



*** ئاستی یاریی باڵە لە كوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئاستی یاریی باڵە لە چاو ساڵانی پێشووتر لاوازترە، ئەویش بەهۆی قەیرانی دارایی و نەبوونی خول و كەمتەرخەمیی لایەنی بەرپرس.

*** ئەنجامنەدانی پاڵەوانێتی تا چەند دەبێتە هۆی ئەوەی كە ئاستی ئەم یارییە پێش نەكەوێت؟**

- ئەنجامنەدانی پاڵەوانێتییەكان دەبێتە هۆی بێزاریی یاریزان و دابەزینی ئاستیان، چونكە یاریزان بێزار دەبێت لە خۆئامادەكردنی بۆ پاڵەوانێتییەكان و پاڵەوانێتیش ئەنجام نەدرێت، ئەوانە هەمووی گرفتە بۆ یاریزانان.

*** بۆ ئەوەی یاریی باڵە پێش بكەوێت پێویستە چی بكرێت؟**

- هیوادارم خێزانەكان یارمەتی كچەكانیان بدەن و گرنگیی زیاتر بە یاریزانان بدرێت و ساڵانە خول بكرێتەوە، لایەنی بەرپرسی وەرزشیش ئاوڕ لە تۆپی باڵەی كچان بداتەوە، چونكە كوردستان یاریزانی زۆر بەتوانای تێدایە، ئەگەر گرنگییان پێ بدەن، دەتوانن كاری گەورە ئەنجام بدەن.

*** لەگەڵ ئەوەی یانەكان پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

- نەخێر، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوەدا نیم یانەكان پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن، چونكە كوردستان كەسانی زۆر باش و بەتوانای تێدایە، ئەگەر هەلیان بۆ برەخسێ و یارمەتییان بدەن، دەتوانن كاری باش بكەن.

*** چۆن بوو یانەی پێشمەرگەی سلێمانیت هەڵبژارد؟**

- بڕوام بە یانەكەم هەیە، چونكە گرنگی بە یاریزانەكانی دەدات، منیش دەتوانم لەم یانەیەدا خەونەكانم بەدی بهێنم.

*** خەونی وەرزشیت وەكو كچە یاریزانێك چییە؟**

- خەونی گەورەم ئەوەیە لە داهاتوودا هەڵبژاردەی كوردستان دابمەزرێت، منیش یەكێك بم لە یاریزانەكانی هەڵبژاردەكە.

*** ئایا لە هەڵبژاردەی تۆپی باڵەی عێراقی داواكراویت؟**

- نەخێر، چونكە یەكجار بەشداریی خولی عێراقم كردووە و تا ئێستا كەسیان هەڵنەبژاردوە.

*** لە كۆتاییدا چیت هەیە بیڵێیت ؟**

- سوپاس بۆ خێزانەكەم و هاوڕێیەكانم كە هەمیشە پاڵپشتم بوون، سوپاس بۆ راهێنەر و یانەكەم، هیوادارم هەموو خێزانەكان یارمەتی كچەكانیان بدەن، لایەنی بەرپرسیش هاوكاریی تۆپی باڵەی كچان بكەن، سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتە زۆرەی بە بواری وەرزشی دەكەن لە كوردستان.

## باوکی نیمار دواین قسەی خۆی کرد

باوکی نیمار دا سیلڤای ئەستێرەی بەڕازیلی ڕەتیدەکاتەوە کوڕەکەی نزیك بێت لە جێهێشتنی پاریس سانت جێرمان.

باوکی نیمار لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی دەڵێت: هێشتا کوڕەکەی لە ساڵی دووەمی گرێبەستەکەیەتی لەگەڵ سانت جێرمان و گرێبەستەکەی پێش ٢٠٢٢ کۆتایی نایەت، ئاماژە بەوەش دەکات لە ئێستادا لەگەڵ یانە فەڕەنسیەکە لە گفتوگۆدان بۆ درێژکردنەوەی گرێبەستەکەی و پەیوەندی بە هیچ یانەی دیکەوە ناکات.

نیمار دا سیلڤا خاوەنی گرانبەهاترین گرێبەستی مێژوویيە و لە هاوینی ٢٠١٧ لە بەرشلۆنە بەرەو پاریس سانت جێرمان جێهێشت و لە ئێستاشدا ناوی ئەو یاریزانە بەستراوە بە پەیوەندیکردن بە ریال مەدریدی ئیسپانی.



## پێکانەکەی ڕۆنالدۆ دیاریکرا


یانەی یۆڤانتۆس لە بارەی پێکانەکەی کریستیانۆ بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تێیدا ڕادەی پێکانەکەی ئەستێرە پورتوگالییەکەی خستەڕوو.

یانەی یۆڤانتۆس لەسەر ماڵپەری فەرمی خۆی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کریستیانۆ لە ڕانی ڕاستی تووشی پێکان بووە، بەڵام هێشتا ڕوون نییە بە تەواوەتی ماوەی چەند ڕۆژ لە یاریکردن دادەبڕێت.

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لە میانەی پاڵاوتنەکانی یۆرۆی ٢٠٢٠، لە خولەکی ٣٠ـی گێمی یەکەمی یاری نێوان پورتوگال و سڕبیا بەهۆی پێکانەوە یاریگەی جێهێشت.

بە گوێرەی زانیارییەکانی میدیاکانی ئیتاڵیا ڕۆناڵدۆ لە سێ یاری داهاتووی یانەکەی بەشداریی ناکات، بەم هۆیەشەوە کریستیانۆ بەرانبەر یانەکانی ئێمپۆلی و کالیاری و میلان لە خولی ئیتاڵیا ناتوانێت ئامادەبێت و لە ڕۆژی ١٠ـی مانگی داهاتوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەیاکس ئەمستردام لە خولی یانەکانی ئەوروپا دەگەڕێتەوە.





# پلانەکانی زێدان ئاشکرا بوو

ئیدواردۆ ئیندا رۆژنامەنووسی وەرزشی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە زینەدین زێدان لە ئێستادا گرینگی بە لوکا یوڤیتیچی هێرشبەری سربی یانەی فرانکفۆرت دەدات و دەیەوێت ئەم هێرشبەرە لاوە لە چنگی بەرشلۆنە دەربێنێت.
ئیدواردۆ ئیندا دەشڵێت: زێدان لە هاوینی داهاتوودا نیازی دەستبەرداربوونی مۆدریچ نییە و دەیەوێت کۆڤاسیچ لە چێلسی بگەڕێنێتەوە و کۆرتوای گۆڵپارێزی بەلژیکیش نافرۆشێت.
ئەو رۆژنامەنووسە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، کە سەرۆکی ریال مەدرید لەگەڵ دایکی کلیان مباپێ گفتووگۆی کردووە و رازیکراوە کوڕەکەی درێسی یانەی ریال بپۆشێت.
ئیندا دەشڵێت: زێدان دەیەوێت خامیس رۆدریگێز و ئیسکۆ لە هاوینی داهاتوودا تێهەڵکێشی گواستنەوەی کلیان مباپێ بکات.
ئەو رۆژنامەنووسە ئەوەشی ئاشکرا کردووە تەنانەت زێدانیش قسەی لەگەڵ مباپێ کردووە، مباپێ پێی راگەیاندووە، کە لە بارەی جێهێشتنی پاریس سانت جێرمان دەرگای گفتووگۆ لەگەڵ بەرپرسانی یانەکەی دەکاتەوە.
ئیدواردۆ ئیندا گوتیشی: رافاییل ڤاران بەهۆی مامەڵەی رۆژنامەنووسانی ئیسپانیا بیری لە جێهێشتنی ریال مەدرید کردۆتەوە، بەڵام زێدان بە ئاسانی توانای رازیکردن و مانەوەی ڤارانی هەیە و ناتوانێت لە قسەی زێدان دەربچێت.
رۆژنامەنووسەکە ئەوەشی درکاندووە، کە سادیۆ مانێ و ئیدین هازارد لە ئێستادا لە سەرووی پلانەکانی زێدان دایە و بەشێك لە پرۆژە نوێیەکەی ریال مەدرید بۆ وەرزی داهاتوو.



# یاریزانێکی ئەنتەر میلان بەهۆی ژنەکەی یانەکای جێناهێلێت

باربارا هرۆنسیکۆڤای خانمە نمایشکاری جل و بەرگی سلۆڤاکی ناهێڵێت میلان شکرینیار ئەنتەر میلان بەجێبهێڵێت.
رۆژنامەی توتۆ سپۆرتی ئیتالی بڵاویکردووە باربارا پۆستێکی کردووە و نووسیویەتی: رقم لە یۆڤانتوسە.
بەمەش پەیامی ئەوەی بە شکرینیار داوە، کە نابێت ریزەکانی یانەکەی بەرەو یۆڤانتوس بەجێبهێڵێت.
رۆژنامەکە ئاماژەی بەوەکردووە باربارا رێگر دەبێت لەبەردەم رۆیشتنی میلان بۆ هەر یانەیەک بێت، بە تایبەتی یانەی یۆڤانتوس.
چەند رۆژێکە دەنگۆی ئەوەی بڵاوکراوەتەوە میلان شکرینیار دەیەوێت ئەنتەر میلان بەجیبهێڵێت و یانەکانی مانچستەر یۆنایتد، مانچستەر سیتی، ریال مەدرید و چەند یانەیەکی دیکەی ئەوروپا لەسەر هێڵن بۆ گواستنەوەی شکرینیار.



## هەولێر خۆی بۆ
## خولی کوردستان ڕێکدەخاتەوە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر کە بەشدارە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، ئەم وەرزە ئاستی وەکو پێویست نەبووە و نەیتوانیوە ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، بۆیە لە ریزی خوارەوەی ریزبەندیی یانەکان دێت، دوای ئەنجامدانی چەندین یاری لەگەڵ تیپەکەش عەبدوڵا مەحموود راهێنەری تیپی دووەمی هەولێر دەستی لە مەشقی یانەکە کێشایەوە، دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێریش لە شوێنی ئەو بە فەرمی (حەمید سەلمان)ی راهێنەری دەرەوەی هەرێمی کوردستانی هێناوەتە ریزی تیپەکە، بۆ سەرپەرشتیکردنی مەشقی تیپی دووەمی هەولێر، دەستەی کارگێڕیی یانەی هەولێر بە فەرمی بڕیاری دا، هەر یەك لە نازم شاكر وەكو راوێژکاری هونەری و حەمید سەلمان و ئەحمەد شوکر وەکو یاریدەدەری راهێنەر و کاروان ئەنوەر راهێنەری گۆڵپارێز بەردەوام بن، لەم بارەشەوە بێجان ئیبراهیم ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دەمانەوێ لەم چەند یارییەی ماومانە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، تیپەکەمان بچێتە قۆناخێکی دیکە لە خولەکە و بتوانین ئەنجامەکانمان باش بکەین، بۆ ئەوەی لە ریزبەندی یانەکان چەند خانەیەك بچینە سەرەوە، وەکو یانەی هەولێریش گرفتی ئەوتۆمان نییە، تیپەکەش ڕێکدەخەینەوە بۆ ئەوەی بتوانین بە یاریزانانی خۆمان ئەنجامەکانمان لە خولی کوردستانیش باش بکەینەوە، هاندەرانیش داوای ئەنجاممان لێ دەکەن، بۆیە هەرچی لە توانامانداد بێت بۆ یانەی هەولێر درێخی ناکەین، یانەی هەولێر یانەیەکی گەورەیە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، بە هێنانی ئەو راهێنەرەش دەمانەوێ ئاستی تیپەکەشمان باشتر بێت، بۆ یارییەکانی داهاتووش بە تەواوی ئامادە بین».



## کوردێک لە پاڵەوانێتیی

کوڕە کوردێکی کوردستان لە پاڵەوانێتی کاراتێی ویلایەتی دۆسلدۆرفی ئەڵمانیا، توانی پلەی یەکەم لە پاڵەوانێتی یانەکانی دۆسلدۆرفی بەدەست بهێنێت، کە ٣٤ یانەی ئەو پارێزگایە بەشدارییان کردبوو. بەڵێن عومەر یەکێك لە بەشداربووەکانی ئەم پاڵەوانێتییە، دوای ئەنجامدانی چەندین یاری توانی پلەی یەکەمی ئاستی تاك لەگەڵ یانەکەی بەدەست



# ژیما بەردەوام دەبێت

دوای ئـەوەی هـەردوو تیپـی باسـکەی ژیمـا و باسـکەی هەڵەبجە بەشداریی کێبڕکێیەکانی خولی باسکەی یانەکانی کوردستانیان کرد، کە لـە شاری هەڵەبجە بەڕێوەچوو، دوای ئەنجامدانـی چەندیـن یـاری، تیپـی باسـکەی ژیمـا کـە بـە نـاوی هەڵەبجـە بەشـداری کردبـوو، سـەرجەم یارییەکانـی خولەکـەی بـردەوە و نازناوەکەشـی بەدەسـتهێنا، دوای تـەواو بوونی پاڵەوانێتیەکەش کچانی باسکەی هەڵەبجە چوونەوە نـاو ژیمـا و درێـژە بـە چالاکیەکانیـان دەدەن، ئێمـەش وەك گۆڤـاری گـوڵان وێـڕای هیـوای سـەرکەوتنی زیاتـر بـۆ ئـەم یانەیـە، بـە پێویستمان زانـی دیمانەیـەك لەگـەڵ رزگار تۆفیـق راهێنـەری تیپـی باسـکەی رێکخـراوی ژیمـا سـاز بکەیـن.

راهێنـەری تیپی باسکەی رێکخراوی ژیمـا (رزگار تۆفیق)، لـە دیدارێکیدا لەگـەڵ گۆڤاری گـوڵان سـەبارەت بە کار و بەرنامەکانـی خۆیـان گوتـی: «لـە سـەرەتای ئـەم مانگـە دەست دەکەینـەوە بـە مەشقەکانمان بۆ هـەر دوو تیپەکەمـان، بە شێوازێکی تـازەش چالاکییەکانمان دەست پـێ دەکەینـەوە، لـە دوای ١٠ی مانگـی چواریـش پاڵەوانێتییـەك دەکرێتـەوە بۆ ٦٠ کچـە یاریزانـی ژیمـا، بۆ ئاسـتی تازەپێگەیشـتووان، لە دوای تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵیش پێشبینی دەکەم ژمـارەی کچـە یاریزانەکانـی ژیمـا بگاتـە ٢٠٠ یاریـزان، لـە مانگـی تەمموزی ئەمساڵیش وابڕیارە لـە شاری سلێمانی پاڵەوانێتیـی رۆژئـاوای ئاسـیا بـۆ ئاسـتی سـەرووی تەمـەن ١٦ سـاڵ بەڕێـوە بچێت».

رزگار تۆفیـق ئەوەشـی خستـەڕوو کـە «لـە مانگـی شەشـی ئەمسـاڵ کۆمەڵێك شـارەزای باسـکەی ئەمریکی دێنە شـاری سـلێمانی بـۆ ئەنجامدانـی کەمپێکـی مەشـق بـۆ کچانـی ژیمـا بـۆ ئامادەکردنیـان بـۆ یانـەکان، لـە دوای پاڵەوانێتـی کوردسـتانیش کچانـی ژیمـا دەگەڕێنـەوە نـاو تیپەکـە و بـە نـاوی هیـچ یانەیـەك نامێنن.» گوتیشـی: «ئێمـە تەنیا بۆ ئـەو پاڵەوانێتییـە بـە نـاوی هەڵەبجە بەشدار بوویـن و هەندێك پاپەندبوونمان مـاوە بـە پارێزگای هەڵەبجـە، جگـە لـەوەش ژیمـا خـۆی یاریـزان دروست دەکات و پێیان دەگەینێت و ئامـادەکاری دەکات، یانـەی هەڵەبجە هیـچ توانایەکـی دارایـی وای نییـە هـاوکاری ئێمـە بـکات، پەیوەنـدی ئێمـە و هەڵەبجـە دۆسـتانەیە هـەر بۆنەیەکیـش هەبێـت ئێمـە بـە نـاوی هەڵەبجـە بەشـداری دەکەیـن، ئامادەکارییەکانیشـمان بـەردەوام دەبێـت بـۆ داهاتـوو و بـۆ ئامادەکردنـی کچـە یاریزانانـی بەتوانـا لـە رێکخراوەکەمـان».



# ـــــەکی کاراتێ پلەی یەکەمی بەدەستهێنا

بهێنێت، لـەم بارەشـەوە بەڵێـن عومـەر بـۆ گۆڤـاری گـوڵان گوتـی: «لـە کـۆی بەشداربوونی چەندیـن یاریزانـی بەهێـز لـە نێـو ٣٤ یانـەی پارێزگاکـەدا، توانیـم لـە ئاسـتی تـاك و لـە ئاسـتی تیپیـش لـە سـەرووی ئاسـتی تەمـەن ٢١سـاڵ و لـە کێشـی ٦٧گکـم پلـەی یەکـەم بەدەسـتبهێنم، ئەمـەش وەکـو ئامادەکارییـەك بـوو بـۆ دەستنیشـانکردنی یاریـزان بـۆ هەڵبـژاردەی لاوانـی کاراتـێ لـە ئەڵمانیـا، بـە خۆشـحاڵییەوە توانیـم بـە ئاسـت و بـە ئەنجامـی گـەورە لـەم پاڵەوانێتییـە بەدیـار بکـەوم و بوومـەوە یاریزانـی هەڵبـژاردەی دۆسـلدۆرف، ئێسـتا هـەوڵ بـۆ هەڵبژاردەی ئەڵمانیاش دەدەم، بـۆ ئـەوەی وەکـو کوردێـك بگەمـە ئـەو هەڵبژاردەیـە کـە بڕیـارە پاڵەوانێتـی هەڵبژاردەکانیـش لـە مانگـی پێنجـی ئەمسـاڵ بەڕێـوە بچێـت».